# سیاسەت و دەروون لە دەسەڵاتی کوردیدا … محەمەد تەها حوسێن

ئەم (کۆمان و کارتل*)ە مرۆیانەی وڵاتی ئێمە کە بە هەڵە پێیاندەوترێ حزبی سیاسی لە جیاتی ئەوەی سیاسەت بە پڕۆسەس و ئەرکێکی ئەخلاقی تێبگەن هەك بە تەکتیك و فێوفڕ و خەڵەتاندن لێی حاڵی بوون، ئەم تێگەیشتنە لە سیاسەت خێپەڵاندنەوەیەکی بەردەوامە لە بەری خزمەتکردن بە (کێ) وەك (کۆمەڵگە، نەتەوە، میللەت) بێ بەری خزمەتکردنی بە (خۆ*) وەك (نەرگزیەت و ئایدیەویەت و شەهوانیەتی ئەوپەڕگیر*).

مانای ڕاست و دروستی سیاسەت تەنها و تەنها هوشیارییەکی عەقلانییە سەرەتا لای (تاك) بێ ئەوەی بگاتە ئارامی و هاوسەنگی دەروونیی و کۆمەڵایەتی و خۆناسینێکی وجودیانەوە لە کۆمەڵگەیەکی بەیەکەوە ژیاو و ئارامدا، دواتر لای (کۆمەڵگە) بێ ئەوەی لە نێو کۆمەڵگەکانی مرۆقستاندا بکەوێتە ڕەد و بەدەڵێکی هاوسەنگ تاوەکو بە نوێنەرایەتی کردنی لە لایەن ئەرگانێکی دەسەڵاتیی ڕاستەقینەی هەبژێردراوەوە ئەرك و کرداڕە دیپلۆماتیکەکانی لە چوارچێوەی سیاسەتێکی خزمەتگوزاردا بباتە ڕێوە.

ڕاستیان وتووە کە سیاسەت هونەرە، چون هونەر وێناکردن و ڕامانە خەیاڵیەکانی کەسانێکە هزریان لە خۆیانەوە بپەڕێتەوە و سنووری (خۆ) یە نەرگزیەکانیان تێپەڕێنێ و دنیای دوور و نزیك بە هەرچی پێکهاتەکانی (ژیان و ژیاوە) وە هەیە لە تابلۆیەکی هونەری باڵا و جوان بئاخنێ، سیاسەت بەدەر نیە لە هەست و شعور کردن بە جوانیی، بەدەر نیە لە جواناسی، بەدەر نیە لە جوانبینی و جوانهزرین و جوانبیستن و جوان چێژبردن، سیاسەت بە مانا ئەخلاقیە زانستیە مەدەرن و ئینسانیە باڵاکەی بەدەر نیە لە ئاکار و ڕەوشت و بەدەریش نیە لە هونەری سازکردن و ڕەخساندنی ژیان لە ژینگەیەکی ئارام و پێ جوولە و داینەمیکدا.

ئەوانەی سیاسەتیان ناشیرین و قێزەون کرد و بەردەوامن لەم کرداڕە لادراوانەیان ئەو تاکە ناهاوسەنگ و نائارام و ناهوشیار و نابەرپرسانەن کە خێراك و زەخیرەی حەز و مەیل و ئارەزوو و هەوەسە نەرگزیی و (پارانێیی و سایکۆپاسیەکان*) لە هەرا و ناڕێکی و بەڕەیی و فڕێکردن لە خەڵك و ئازاردانی بەردەوامیان دەدەزنەوە.

ئەوەی لەم سەرزەمینەی ئێمە دەگوزەرێ بە هیچ پێوەرێك سیاسەت نیە، کەشێکی پیسبوو و بەردەوام پیسکراوی نا ئاسایی و نا هاوتەنیکە ئەوانە تیایدا کاراکتەری دیارن کە زۆرترین و فراوانترین هووبەری ژینگەکە پیس دەکەن و دەستیان بەسەریدا دەکشێ و توانای بەرهەمهێنانی زۆرترین بێ و قەوارەی پیسی و ترسیان هەیە، هەرگیز سیاسەتی ئاستەقینە بیر لە پیسکردنی کەش و ژینگەکان ناکاتەوە و بگرە لێیشی نازانێ، ئەرك و ئیشی سیاسەت ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و هەوڵدانە بۆ هێنانە ئارای زیاترین ئارامیی و زۆرترین هاوسەنگیی دەروونیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری و دینیی، ئەوەی لای ئێمە ووردەدا بە جەختکردنەوە لەسەر دەستەواژەی (ووردەدا) جەنگێکە لەجۆرێکی تر، بەیەکداهەڵشاخینی غەریزە و حەزەکانی شەهوانیە تۆرنەبووەکانە کە هیچ سنوورێکی عەقڵیان لێ دیار نیە و تەنانەت لە بایەخی هێنانە ئارای تاك و کۆمەڵگەی هوشیار و عاقڵیش نین و بگرە لە شیکردنە و لێکدانەوەی مۆژووی کار و هەسووڵانیان وەك نمایشکارێکی سیحربازانە و سەرەتایی سیاسەت دەردەکەون، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەر هەوڵێکیش لە ئارادا بێ بۆ دامەزراندنەوەی ئەم بارە شێواو و شێژاوە ئەوان بە مەترسیی بۆ سەر حەزە ئەهریمەنیەکانیانی دەزانن و هەر بۆیەش دژمنایەتی ئەم هەوڵانەیان بە ئاشکرا پێوە دیارە.

من پێشتریش زۆر لەسەر ڕێگای پەروەردە و فێرکردن و و فێربوون نووسیومە و ئیشی ئەکادیمییم لە بارەیانەوە کردووە، هەر ئەوە نیە هەنگاو یا هەوڵستێکی ناشیاوی دەسەڵات بەدەستەکانی ئێرە وروژاندبمی، خۆ ئەگەر لە هەفتارێکی ناسیاسیانە و نا عەقلانیانەشیان بیرم بگەڕێتەوە سەر بایەخی ئەم پڕسانە ئەوە باشتر، چون بەردەوام ئەوان(دەسەڵات بەدەستان) هەڵەی گەورە گەورە بەرانبەر تاك و کۆمەڵگە و ئۆرگانە لەبەر یەکترازاوەکانیان دەکەن، تادێ زیاتر و زۆرتر کەڵێنە لەیەکتر پچڕاوەکان دەکەن بە قەڵش و دابڕانی گەورەتر.

ئەم کارتلە بەرهەمهێنەرانەی (ناڕێکیی و نەزانیی) بەردەوامن لە سیاسەتکردن بە مانا خەڵەتێنەر و فێڵاوییەکەی بەو شێوەیەی کە خەڵك یا کۆمەڵگە لایەنێکی (دژ) یا (بەرانبەر) بێ و چەندە لە خشتەی بەرن و فێڵی لێبکەن ئەوەندە کارامەییان لە کاری سیاسییدا وەدیار دەکەوێ، خەڵەتاندنی خەڵك لەوانەوە دەردەچێ کە (دژی گەل) ن و نەتەوە و کۆمەڵگە بەوە تێگەیشتوون چەندە لاڕێی کەی و بیگەوجێنی ئەوەندە باری سەر شانیی دژگەلەکان سووك دەبێ و لە بەرانبەر ئەم

بوونەوەرە لاواز و لەرزەکە گەورە دەردەکەون.

خەباتن مژوویەکی درێژی لە هزری سیاسەت و دەسەڵاتدا هەیە، دیماگۆگیەت* چەمك و ناوە دیارەکەی ئەم کەڕەفتارییە سیاسیەیە کە تاوەکو ئێستا لە زۆربەی دنیا دەسەڵاتبازان پیادەی دەکەن و لای خۆشمان زۆرانە داهێنانی گەورە لەم هزرینە سیاسیە پاسیڤە بەدیدەکەین، هەڵپەرستیی لە بەرەوەبردنی نەرگزیانەی دەسەڵات و سیاسەت لەم هەرەمەی ئەمەدا زۆرك (پشمەرگە) پیرۆز دەکا و بەو بوونەی دەچوێنێ کە ئایکۆنکی هەرە پیرۆزە و ئینجا دەیبەنە پشەوە بۆ پیاهەڵدان و پێدا خوێندن و لیستی مووچە و ....تاد، و زۆرك (ماموستا) وەك پشوودرێژکی مژوویی!! و هەروەها لە ستایشکردن و پێداهەڵدانك کە هەر ئەوانن فڕی هەموو شتکمان دەکەن و وەاتەکەمان دەبەنە ئاستکی پشکەوتوو و ئینجا لە پاش و پێش و شوێنگەکی لیستی مووچەدا بە ئارەزووی خۆیان هەبەز و دابەزیان پێدەکەن، زۆرکیش (پۆلیس و کەسانی ئاسایش) دیسانەوە لە پیرۆزیی و پاراستنی نیشتمان و فەراهەمکردنی ئارامییدا، و زۆرکی تریش (کارمەندانی تەندروستی) لە دابینکردنی کەش و دۆخکی ساغ و بۆخەوش لە نەخۆشی هەم بۆ تاك و هەمیش بۆ کۆمەڵگە.
ئەم کەس و ئۆرگانانەی سەرەوە و هیتریش کە ناومان نەهێنان گشتیان پکهێنەری گرنگن لە پکهێنانی کۆمەڵگەیەکی پتە و ساغدا و هەر هەموویان بەیەکەوە لەگەڵ یەك و بۆ یەکتر و لە نێو یەك لە کاردان و هیچیان توانای لکەمکردنەوەی ئەوانی تری نیە و هیچیشیان بەسەر ئەوانی تریەوە نیە، چون لە کۆتاییدا هەموویان ئۆرگانی پێویستن بۆ پکەوەنانی کۆمەڵگە بە جەستە و دەروون و زۆحکی ساغ و زیندوو.

بەڵام ئەوەی سەیر و سەمەرەیە لە بەرەوەبردنی ئەم ئۆرگانانە، ئۆرگانە بە نێو سیاسیە دەسەڵات بەدەستەکەیە کە لە حزبی سیاسی و لە حکومەتی هەرێمدا خۆیمان بەردەوام پێدەناسێنێتەوە، ئەم کارتلە سیاسیە(کارتل بە مانا سەرمایەدارییەکەی نا بەکۆ بە وەزیفە مشەخۆریەکەی) ئەرکەکانی حکومەتکردن تا ئێستا نازانێ و ئەوەی کە دەشیخاتە ڕوو ئەنجامکی لەسەر زۆککەوتووی ئەندامانی کارتلە و خۆیان ڕازی دەکا نەك خەڵك بە گشتی، یا ئەوەتا ئەمڕۆ نازی گرووپك یا دەستەیەك ڕا دەگرێ و زۆری تر تووڕە دەکا و بە پێی هەلومەرجە بازاڕیە ڕەشەکە فریودەرانە مامەڵە لەگەڵ توێژ و دەستەکان دەکات.

ئەم یاریە شەڵانگێزییە جۆرکە لە دژکاریی دەروونی و تەنانەت جەستەیی و هەر جارەی بۆ خۆشکردنی بەزمی دەروونپەرێشانە سیاسیەکانە و بە هۆیەوە یاری بە توێژگەل و دەستەی جیاجیا دەکەن،

یا ئەوەی کە لە مەیدانی سیاسەتی نێو دەوڵەتی و هەرێمی دەیدۆڕێنن لە نمایشێکی دیماگۆگیدا (دەیخەنە) سەر خەڵك و (دەیگوازنەوە) دژخڵك وەك سەرکەوتن و پاڵەوانبازی نیشانیانی دەدەنەوە، ئەم جۆرە (ستراتیژ)انە نەستین چون نەزانانە هەڵوێستاری سیاسیمان بۆ دەردەخەن و پێیانوایە بەم فێڵبازی و لە خشتەبردنە خەڵك لادێ دەکەن و مەترسیەکانیان لە خۆیان دوور دەخەنەوە، ئەمە لە کاتێکدا لەسەر ئاستی کەسیی دەچنە چوارچێوەی ستراتیژی نەستیی دەروونی و هەم خۆیانی پێ ڕازیدەکەن و هەمیش ئاستی گەشەی مەعریفی و کولتووری خۆیان بۆ دەرەوەی خۆیان لە هەڵوێستارەکانیانەوە نیشان دەدەن.

– (بیانووهێنانەوە-justification) دیارترینی ئەو میکانیزمە دەروونیانەیە کە دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە بەردەوام لە بەرانبەر خەڵکی خۆیان دەیخەنە ڕوو، هەبەتە لە سایکۆلۆژیای قووڵایی دەروونشیکاری و میتۆدەکانی دیکەشدا بیانووهێنانەوە جۆرێکە لە بەرگریکردن لە (خۆ) لەبەرانبەر کەسێك یا کەسانێك لایەنەکەی تر هەڵوێستارێك یا جوڵە یا هەڵوێستێکی هەڵەی گرتبێتە بەر و بیەوێ (خۆ)ی لە لێپرسینەوە ڕزگار بکا، ئەم فێڵە دەروونیە ڕاستیەکمان بۆ دەردەخا کە بابەتێك لە ئارادایە وەك خۆی بە ڕاك و دروستی ڕوونادا و ناچێتە ڕوو.

لە عەقلیەتی دەسەڵاتخوازی ئەم کارتلە ئۆلیگارشیانەی لای خۆمان سیاسەتی بیانووهێنانەوە و پێنەکردنی هەڵە و فێڵەکانیان بووەتە بەشێك لە کولتووری سیاسیان و قەناعەتی ئەوەی لا دروستکردوون کە درکردن و بیانوو چەندە لێیان زیرەك بی ئەوەندە تەمەنی سیاسیت لەم کاولاشەی ناوی حکومەتی هەرێمە درێژتر دەبێتەوە.
– (میکانیزمی دژکار- aggression) یش لەو شێوازە بەرگریە دەروونیانەیە ئەوان دەیگرنە بەر بۆ ئەوەی بۆ دەرەوەی خۆیانی بسەلمێنن کە مەترسی جۆراو جۆر لە ئارادان هەر بۆیە کاتێك توندووتیژی ئۆرگانیزەکراو زۆر دەبێ و فڕان و فیسار سزا دەدرێن لە پێناوی ڕاگرتنی ئارامیە و دژێکی گرنگتر هەیە لە دیموکراسی و ئازادی و سەربەستی ئەویش نێوی کوردایەتی یا کوردستانە هەر بۆیە بواڕەکان بە توندوتیژی لە ژێر ناوی شەرعیەتی شۆشگێڕی و قەناغی ڕزگاری و ….تاد نێو زەد دەکەن.
– (گەڕانەوە و خۆدزینەوە) ش یەکێکی تڕە لەو میکانیزمە دەروونیە بەرگریانەی دیسانەوە حکومەتی هەرێم و حزبەکان دەیگرنە بەر بۆ ئەوەی هێشی کەسەکان لە جیاتی ئەوەی بۆ زەمەنەکانی ئێستا و داهاتوو ببەن بەرەو ڕابردوویەك کە تیایدا تەنها سۆز و نوزانەوە و

سەردوولکە چالاکن و بەمەش دنیایەك خزمەت بە خەیان دەکەن چونکە مەگەل و نەرگەلی زەر لە ئەستا دادەبەن و بە ابردوویەکی بەسەرچووی دوور بەهەشیان دەکەن یا هەمیشە هەوڵی بەرهەمهێنانەوەی ئەم ابردووەیان دەدەنەوە، ئەم میکانیزمە هەگی لە کولتوورەکەماندا هەیە و ئەوان تەنها گیانی دەخەنەوە بەر.

– (لەبیرچوون) یش چالاکترین میکانیزمی دەروونیە هەم لای دەسەاتوانی کورد بە تایبەتی و هەمیش لای تاکی کورد بە گشتی، چون بیرچوونەوە پەسەسکی عەقلیە جاری وا هەیە عەقە بە زگار بوون لە زانیاریە ناخش و زیانبەخشەکان پەیهەدەستە و شەوازی پەروەردەی تاکەکان دە بینە لە توانای تاکەکان بە مامەلە کردن لەگەە ئەم جەرە زانیاریانە، جاری واش هەیە ئەرگانەکانی بە کەمەایەتیبوون یا کولتووری کەمەگە لە بواری بەرهەمهێنانی مەعریفەدا چالاك نیە و خەسەتکی گشتی بەسەر کەمەگە و تاکەکانیدا دەسەپێنە بە هەیەوە یادگەیان لاواز دەبە و یادەوەرییەکانی پەن لە زانیاری لە بیر دەچنەوە، ئەم جەرەیان لای خەمان چالاکە و خزمەتکی بەپایان بە دەسەاتخوازان دەکات.

هەموو ئەم میکانیزمانە لە دەسەاتی کوردی خەماێدا ەژانە بەکاردەبرەن و دووبارە دەبنەوە هەر بەیە هەمیشە توەژەکانی مامەستا و پەشمەرگە و کارمەندانی تەندروستی و پەلیس و فەرمانبەر و کارمەندانی بوارەکانی تر دەمە دەخشن و دەمەکیش تووە، دەمە ازین و دەمەکی تر نازی، دەمە دەوام دەکەن و دەمە بایکەت، دەمە بەرچاون و دەمە بزر، ئەم جەرە مامەلە فەاویانە یاریەکی دیماگەگیانەیە لە (دژ) کەمەگە و تاکەکانیەتی نەك لە(خزمەت) یان.

سیاسەتی استەقینە و دەروونی هاوسەنگی سیاسەتوان (خەك) بەو ئامانجە دەزانە هەرچی هەکار هەیە دەبە بیخاتە (خزمەت)ی نە (دژ)ی، دیبلەماسیەت و سیاسەتی شەانگەز لە دەخە زیندەگیە کەمەایەتیە نا ئارامەکان دەردەکەون نەك بە هەنانە ئارای کەمەگەیەك مافی هەرچی تاکەکانی هەیە بەتە دی، سیاسەتکردنی کوردی هەمان سیاسەتکردنی کەسکە بە کەسکی تر، هی گرووپکە بە گرووپکی تر، سیاسەتکردن لەرە مانای (هەزیل و سوککردن) دەدا نەك ئیدارە و کارگەی. (فانە کەس و فیسارە توەژم سیاسەتکرد) واتە لەز و شەوکەتم هەنایە خوار، ئەمە تگەیشتنکی شاراوەی سیمبوولیکیە دنیایەك مانا دەداتە دەست.

دەسەاتوانانی ئەم هەرمە بەم هەفتار و هەوستە ناسیاسیانەیان پەماندەن:-

• ئەمە اسپەردراوین تا لایەك بە لایەکدا دەکەو لە شەی دەسەات و هەژموونی نەودەوەتی و ئیقلیمی لەم نەوەدا تەنها خەمان

بەڕەوبەرین و هاوسەنگیەکانی شەڕەکانی بە وەکالەت ڕاگرین.
• پەروەردە و گەشەی مرۆیی هیچ گرنگییەکی لای ئێمە نیە بۆیە ڕابواردن بە زانکۆ و خوێندنی باڵا و پەروەردە و مامۆستایان یاریەکەمان بۆ خۆشتر دەکا.
• هەر ڕۆژەی تۆڕێك دژنینە پێش یا دەبەینە پاش جگە لە هەلومەرجی سیاسەتبازی خۆمان و گونجانی پەیوەندییە بەرژەوەندخوازەکانمان چیتر نیە.
• خەڵکینە خۆتان مشەوەش مەکەن ئەوەی ئێمەی ڕاگرتووە باڵانسە هەرێمی و نێو دەوڵەتیەکانن نەك شان و شکۆی نەتەوەییمان.
• ئێمە هیچ ستراتیژێکمان نیە نێوی بنیاتنانی تاك و کەسی کوردی بۆ لە ڕووی دیموکراسی و مەعریفەی مەدەنیەوە، چون دەرکەوتنەوەمان ئەمجارە هەڵکەوت و داکەوتێکی نێودەوڵەتی بوو نەك خەباتێکی سیاسیی هاوسەنگ.
• ئێمە لە کەمپێکی گەورەی ئینسانییدا دەیبەینە سەر و ئامانج نەشوانی سیاسەتی دەولییە، چیتر گوشاری بە سیاسییکردنیمان مەخەنە سەر و ناتوانین و ناشمانەوێ بیکەینە بارێکی سیاسی.

---

*کۆمان: کۆمەڵە مرۆیە هەرە سەرەتاییەکانن کە لە دژی ئاژەڵە دڕندەکان یەکیان دەگرت.
*کارتێل: یەکگرتنی کۆمەڵێك بەرهەمهێنن لە یەکێتیەکی هاوبەرژەوەندا.
*خۆ: خود.
*ئایدەویەت: لە ID ی فڕیدەوە هاتووە، واتە ئەمباری غەریزەکان.
*دیماگۆگی: ساویلکە خەڵەتاندن.
*پاڵانێی: ئەو کەسە نەخشانەن هەمیشە وادەزانن ستەمیان لێکراوە، هەمیشە بە گومانن لە دەوروبەر.
*سایکۆپاس: کەسە دژە کۆمەڵایەتیەکانن.

# کاتێك زمانی شیعر لەگەڵ دەکەوێت … لەتیف بەوار

(باشو) مامۆستای یەکەمی هایکۆ بوو لە یابان لە سەدەی حەڤدەدا گرنگی بەم تەرزە لە شیعر دا، کە خاوەنی ڕێساو تایبەتمەندی خۆیەتی.
شاعیر لەم جۆرە لە شیعردا هەوڵ دەدات بە وشەی سادە تەعبیرو دەربڕین لە هەستی هەڵچوو و قوڵ بکات، کە لە یەك دەستواڕە پێکدێت و بەسەر ٣ دێڕە شیعردا دابەش دەبێت، کە کەی هەمووی ١٧ بگە دەبێت.
ڕزگار جەباری ئەو شاعیرە بەدەنگەی کوردە کە پراوپڕ هایکۆکانی لە شوێنی خۆیاندان و هەر بەو هەناسەیەش کۆپلەی شیعرکانی تری دەنووسێت، لە جەند کۆپلەیەکی سەبەر سوك پێکدێن و بە جوانی و تازەبوونەوەو سادەیی خۆیان نمایش دەکەن، بە نموونە ئەو لە هایکۆیەکدا دەڵێت:
**(١)**
**پەنجەرەیەك،**
**بە ڕوانین-**
**ماڵی جالجالۆکە.**
**(٢)**
**چیرۆکی دڵی دەریا،**
**بە کەنارەکان دەگوتووە-**
**گوڕچکەماسی**
دەبینین کە چۆن جەباری لە ٣ دێڕدا یەك دەستواڕە بە ١٧ بگە دەهەنتەوەو لە ناوەڕۆکیشدا سەرەتا بە سادەیی مانا دەستپێدەکات و پاشان بە وێنەکی قورس کۆتایی دێت کە کلیلی شیعرەکەیەو وێنەی دوو دێڕەکەی پێسووە. بیرکی قوڵ بە وشەگەلێکی ئاسان، هەمووان هەست بە ڕەحسوکی ئەو هایکۆیانە دەکەین و ڕەنگە تێواڕین و تێگەشتنی جیاوازیش لای هەر یەکەمان دروست بکات، وێنای بەکارهێنانی زمانی هونەریی شیعریی کە دەربڕینەکان ناڕاستەوخۆو جوانتر دەکات، ئەو وێنانەی مەجازین و خاوەنی چەند ڕوویەکن و زۆر بیرمان بیان ناچێت، گەر هەستی شاعیرانەی شاعیر بەم هایکۆیانە نەمانبات بە قوناێی ئەو جیهانانە.
کەچی دەبینین شاعیرەکی تر دێت لە ژیر کاریگەری هایکۆکانی ڕزگاردا دەنووسێت بێنام دوورتر لە خاڵی مەبەست و چەقی شیعریی هایکۆیی.

بۆ نموونە ئاو لە(چەپکەك هایکۆ) دا ئاوها دەنووسێت:
(1)
**باران بەقەوە دەبارێ،**
**چەترەکەم لەپێکەنینا،**
**هاوەی کرد...!**
**یان لە پارچەیەکی تر لە یەکێك لە (وێنەژاوەکان) دا دەڵێت:**
**کەمەری بۆ لێزمەی گیا دەبەستێت**
**سەرپۆشی سەری بۆ چریکەی مەڵەکان**
**وەرزی بەهار**

وەك ئاوەی لە رووی فەرموو ئەم کۆپلانە هایکۆ نین، هەروەها لە رووی ناوەرۆکیشەوە ناتوانایی تێدایە، بۆ تایبەتی گرسەرنج بدەین لە یەکەم نموونە؛ نێك هەر شەوازێکی راستەوخۆی دەربڕینە، بەڵکو بۆکارهێنانی کەرسەو زاراوەکان ناتەبا و ناگونجاون.
لە کۆپلەی دووەمیشدا وێنەیەکی ناتەواوی وەرزی بەهارە بۆ بوونی دیوی دووم بۆ لێکدانەوەکان، بەڵکو وەسفێکی راستەوخۆی لێقە، لە رووی خوازەی شیعرییەوە (سەرپۆش و چریکەو بەهار) ناگونجاوەو بۆ هەیشەوە وێنەکەی تێکداوە، مەگەر رەنگ و شت دەبەتە دەنگ و پاشان وەرز؟!
ئەم شاعیرە ئەستاش هەر لە خەیاڵی شیعری لیریکی و رەمانسیدا دەژی و بیر دەکاتەوە، بۆیە لای ئاو ئەستاش لە دوای سەردەمی پەستمەدەرنی شیعرەوە وەزن و قافیە مەرجێکی سەرەکی شیعری باشە، لەم بارەوە دەربارەی شاعیرێك دەڵێت:

"بە نموونە دەقێکی شیعری داخراو دەنووسێت هەر وشە و هێستە ریز دەکات و لەگەڵ قافیەی سواو و وەزنی تێك شکاو ناوی لە دەنێت شیعر، خۆشی بە شاعیر ناوزەد دەکات". جا گەر ئەمە خوێندنەوەو تێگەشتنی شاعیرێك بێت بە شیعری باش دەبێت چاوەڕوانی چی لە خوێنەرێکی سادەی شیعر بکرێت؟
من زۆر هاوەمدا لەناو شیعرەکانی ئەم شاعیرەدا شیعرێك بخەمە ژێر تیشکی لێدوانەوەو مەرجەکانی باڵادەستی شیعریان تێدا بدەزمەوە، بەڵام ئاوەی سەرنجمدا تەنیا دوو شیعری جوانم دیتەوە، کە بە شێوەیەکی شاعیرانە دەستی پێکردو شایستەی لەسەر وەستان بوو، بەڵام هەر ئاوەندەی گەیشتمە ناوەندی دەقەکە بینیم زۆر جیاوازەو بە بارەکی تردا شکانەوەو بەم دەرکەوت هەناسەی شیعریی ئاو شاعیرە هەر ئاوەندە کورت بە دەکات و ناتوانێت بە هەمان زمان و پتەویی داشتنەوە شیعرەکان تەواو بکات هەتا کۆتایی، رەنگە هەی ئەمەش بێت

زیاتر لەمدواییەدا خەی بە کۆپلە شیعری کورتەوە سەرقاڵ دەکات.

---

# تیشکە پڕەکان ... سەباح ڕەنجدەر

**دوای جارێکی تر خوێندنەوەی سەرجەم داهێنانەکانی کاروان کاکەسوور، بە ئاشبوونەوە لەگەڵ خانمی نووسین.**

**بەشی دووەم**
**لەدایکبوون و مردن**

لە سەدەی بیست چاوم لە لاسکە ماندووەکان ئاڵا و سەرکەوت
لە سەدەی بیست و یەکدا
چاوی ئاڵاوم لە لاسکە ماندووەکان دەکەوێت
هەردوو سەدە لەو خرۆش و خولیایەی لە منیان ڕەسکاند
کرمی ئاوریشم لەناو لەپیان کەوتە گۆڕگا
سەیر زۆر سەیر تەماشای ئاگری ناو شووشەی لامپای کرد
ئاوریشم بەشە میراتی منە
بەشە میراتی خەم دەپارێزم و ڕۆژگار دەیهێنێتەوە
لە زۆر بێنەدا سینیی کێکی بەدیمم قەپ کردووەتەوە و پەنجەرەی مێنم شکاندووە
دەرگای خەزنەم بە گەرمایی پەنجە کردووەتەوە
لەناو بەلەمی ڕاوچییەکان چرام داگیرساندووە و لە حیکمەتی چارەنووسم پرسیوە
پەپوولەم ئاشق کردووە و تەمومژی سەر ئاویشم لاداوە
تووڕەیی تێکەڵی بەزەیی نابێت
با شۆنی هەیە لێی هەڵبکات و خشی لە لووتکەی درزن لادا
لە بیریشی ناچێتەوە بڕچی هەڵی کردووە و لە چیشدا دەبڕتە سروە
سروە باڵ دەجووڵێنتەوە
لە ڕۆژکدا کە خڕەکەی زۆر ڕەشنە
بە بزەیەکی ئاشنا خەڵاتم کە و دەستبەردارم مەبە ئاوریشم ڕۆن
لەدایکبوون پەڕەموچی کێترەکانی بڵاو کردمەوە و بڕم کێ نەکرایەوە
مردن فریام کەوت و بێ لای هیچ شتێك نەگەڵامەوە

ئاگری کەس لە ئاگری کەسدا ون نەبووە
کەسیش بە ئاگری کەس نەسووتا
لە بەرپەنجەرەی یەکیش تێپەڕین و خۆشحاڵین بە سەمای زەماوەند
سەیر زۆر سەیر تەماشای ئاگری ناو شووشەی لامپا دەکەین

**ئەوسا و ئێستا**

سروشت هەموو پرسیارەکانی ئێستا و ئەوسای کردووە و بۆ هەموو شت
سەرەتایە
خەیاڵ سەرەتای خۆی دەدۆزێ و هانا بۆ شکڵی خۆی دەبا
پەپوولە ئاگری ڕاونا و کەوتە بۆسەی و کوشتی
گەرمایی لە دڵی جریوەی دەهات
بە ئاوی حیکمەت درەختی سێبووریی گۆش کرا
ئاو ڕۆیەو دەگ
بەڕام بیر ناگ
لە دەرەوەی باخەکانی بەهەشت میوەکان ناسیمیانەوە
باڵ لە گەرمیی پێگەیینی میوە کرانەوە و بە خوداوەندەکان ئاشنا
بووم
لە خۆشیاندا سوور هەڵگەڕام
خوداوەندەکان مژدەن و دڵنە لام و باسی وەفای دەریام بۆ دەکەن
چەند میهرەبانانە سەوڵ دەکاتە دەستی منداڵکی تازە لەدایکبوو
کاتێکیش جەم دەهێڵن بە سەرمدا زاڵ دەبن و بیریان دەکەم
پرسیارەکانی ئێستا و ئەوسا لەبارەی ئەو شتانەی دەتوانم هەمبەت
دووبارە دەکەمەوە
بۆ هەموو شت سەرەتام
سەرەتا پێوستی بەوەیە
هەموو ڕەگەکان لە شوێن پێی جوانیی و لێبووردن بچنێت و شتەکان
دەست پێ دەکەن
گوڵاو دێ تایبەتمەندترین نهێنیی گوڵ دەدرکێنێت
زەوی لە پەردەی ڕاز دێتە دەر
ڕازاندنەوەی خۆی دەداتە دەست هەموو ڕەنگەکان
گوڵ سەرسپاردەی گوڵاوە

**وەچە و بنەچە**

شوێنپێ ئەمەکی ڕۆگا نادیارەکانن
جەللادیش دەیەوێ ئاسمان خامۆش بێت
چڵەکەکانم لەناو ڕەشبادا بەڕەڵا نەکرد

دوور کەوتمەوە و هەمدان
بەشە مۆژی خەم لە قەرتالەدا هەگرت
هەنجیر و گوڵز و باویم داتەکاند و چوومەوە یاریی گومبەتانێ
بەرانبەر چیا وەستام و بزمارەکانی کەشتیی نائومێدانم توند کردەوە
بە پەرشم خودا بێ داوەتی مانی خۆی بانگم بکات
پێلە چڵەکەکەی هەمدابوون بێ ئەوەی خۆیان پێشانی بدووسك دەن
لەگەم بنیشنەوە و دەنووك لە زایەڵەی سنگی
قەڵا بدەن و گرانییەك لە لەوی جێ بهێڵن
ئاوی تفان و لافاو لە بەر دەستماندا مردن
شارمان لاواندەوە و وەچە و بنەچەی ئاگرمان ژمارد
کەمی نەکردبوو
شەقامەکان لەبن پێی ڕەبواران گۆڕەوگاڵیان بوو
ئەسپ و پاڵەوان و پەیکەرەکان پیرۆزەی دوو چاوی تۆرخەو دەبەخشن
هەردوو تای تەرازوویان مەل لەناوی مەشقی غاردان و باڵ دەکات

**باوەڕ و گومان**

هەستە تووڕەکان قولابیان لە ئاو کێشایەوە و باوەشم لە خودا وەرێنا
باوەڕ و گومان باوەشیان پێدا کردم و خۆیان نەدرکاند
دەوپ و دەڕپ کەوتنە ناو کاسە و کەوچکمانەوە
هەراسان و بێزار بووم
لە قسەی دووبارە لەبارەی ڕەنوێنییەکان
لە ئومێدی ئەوان هیچم بێ نەگوازرایەوە
ڕووبەڕووبوونەوەی خۆدرکاندنم هەبژارد
گردەکە و چیاکان سوور هەگەڵان
لەناو دەستە بەهێزەکانی تەفرەدان خەم ڕاپسکاند و بوومە ترپە و
ئاوازی نووسین
بەناو دارستانێکی گەورەدا ڕەیشتم یانی جێگایەکی نەناسراو
درەختەکان بەدوامدا هاتن
دایکێکی ئەفسانەییم ناسی
کەروێشك لەگەڵی دەڕۆن بەری درەختەکان کێ دەکەنەوە
هەندێك نیشانەی ئاگریان دروست کرد
بەرەو گردەکە و چیا سوور هەگەڵاوەکان بەرز بوونەوە
دەبێ تەماشا بکەین
خوێن سەر دەکات و فرمێسك خوێەی دێ
کاروان دوانەکەوت و گەیشت
هێمای کلیل و کلیلسازی لەسەر تاج چنی و ئاسێیەك پێکهات

بێ فەرمان و بەرفرمانی ئەوە بکە و ئەوە مەکە
زمانی کوردییان پێ بەخشیم
لەسەر بەرد تەمارم کرد و هەتا بڕۆی ڕۆشن

## لەکەدار و کلکدار

چەتری کاسەی سواڵ بپێچەوە پیاوی لەکەدار و کلکدار
وەك سیسارکەکەچە چۆنووکت بەسەرماندا کردووەتە قەفەس
ئەسپی شەڵاوی پێ ناکرێ
چاو بە فرمێسك سێە و دەخیلەی دەشکاوانە
پایز دەهاوکێی سروشتە
لاپەڕەکانی ناوچەوانی هەڵدەمەوە
مەشکێکی باش و سادە
کە خوێنی لێ دەتکێ سەردانی دەکات
ساتمە ناکات و ناکەوێ
لە مێژوویەکی زیندووودا پشوو دەدا
هێشووەکانی پێگەیووون و دەستەکانی بێ بەرز کردوونەتەوە
بووە هەتاوێك تانوپێی ڕەش و سپی چنیوە
زۆر ڕامام تا لە چنین بگەم
خێی لادا لە لێوی ڕەشی نزا خوێن
گوێی لە زمانێکی تر بوو
لە دەشتاییەکدا وێ مەبە
کلیلی شار بخەنە سەر ئاوێنەی زوڵاڵ کە زمانی نەرم دەهەژێتەوە
شەرمم لە برین نەکرد
شەرم لە برسیەتی دەکەم

## هاتن و نەهاتن

کەسێکی چاوەڕێم لە هاتن و نەهاتندا تەنیا نەبم
تەنیایی دێ دەسووتێنێت
دەستیشم لە کردنەوەی پەنجەرەدا گیر بووە
پەنجەرە لە ژووری زیندانیشدا دڵخوازی دیدارە
مێوان لە بەرپەنجەرە ئاێووا ڕۆژەنی ڕوخسارە
دڵی سپاردووە بە خۆرێکی سەد و یەکجار
سادە و ساکار
ڕوون و ئاشکرا
تەنیا ڕەنگی هاتن لە چاویدا دەنیشێت
جۆرەها دەنگی تێکەڵ لەسەرت جێ بە یەکتر چڕ دەکەن

دەیانەوێ بچنە ئاسمان بزرینگێنەوە
بە خوماری سەیری زەمینی خومار بکەن
بیر لەو تیشکەش بکەنەوە
بە نێوانی شاخی کەهکێوی هەت دەبڕت و لە پەنجەرەی زیندان دەدات
تیشکێکی لەناکاو نییە
خڕ و پەنجەرە گڕانیی یەکەمن
دەچنە ناو چارەنووسێك هەڵ و هەماکانی هیوایان لێ دەخوازرێ
خەیان بەسەر نەهاتن دادەخەن و بەسەر هاتن دەکەنەوە

**ڕاست و چەپ**

هەوییەکی قونگیراو لە ئاوێکی جادوولێکراودا ددانی شووشت
کاتژمێری فڕە هەخەهەتاندن کرد
ئەوەی چاوەڕوان دەکرا هووی دا
ڕاست ئەسپی چووە هێ
چەپ شەقامی ناهاوسەنگە و هێبوارانی لەگەڵ یەکتر نامێننەوە و
بخوور دەکوژێننەوە
لە پشت شێستەکانیەوە جورج دەمی یەکتر لە ئاوێنەی چێژدا بە پێوانە
و قەوارە دەبینن
پیت و هەڵ و نیشانەکانی هاتوچوویان کێاند
ئێمە تێکسووڕاین و گاکانمان لەناو کەڵگە بێ نەهاتنەوە
هەر بە چاو شۆنپێیەکانی دزین
گوللەی قینی کۆاوی تەقاند
گوللەی فرمێسکەڕێژیشی بێ هەڵکی تر هەڵگرت
لە خاکی هەنگەکان گڵپکە و چڕ و گوڕ
ژەهراوی دەکڕێن ئەوجا پێی دەزانن

**شەو و هەژ**

لە شەودا سینگ دەردەپەهەنم و خێم ئامادە دەکەم
بەناو هەژدا بەهم و شتەکان دژی شەو هەڵگرمەوە
شەو زانی بەکەسم و بە سەرانسەری دنیادا دەسووهەمەوە
بەشێك لە کاتی خێی کورت کردەوە
لە هەژدا دەست لەسەر سینگ دادەنێم و خێم ئامادە دەکەمەوە
بەناو شەودا بەمەوە و شتەکانی هەمگرتووەتەوە
لە مێزەخانەی پایتەختی دابنێم
هەگاکانی شەو و هەژ وایان کرد
شانازی بە بێ شەو و هەژی خێم بکەم

شەو و □□ژ گومانیان هەیە
هەموو ئەو بەردانەی هەڵمدان
نرکە و ناڵەیەکیان نەخستە دڵی گۆمەکەوە
کامڕاکەم ئامادە دەکەم وێنەی قژا□□کی چاو پەلکەز□□ینەیی دەگرم
لافاو لای داوە
گوڵەبە□□ژە بەسەریدا چەماوەتەوە و سێبەری لێ کردووە
ئەی ئەستێرەی بچووك بڵێ
بە یەکەوە کۆچ دەکەین
نامەیەکم پێیە هیچ لە سەر زەرفەکەی نەنووسراوە

**کۆن و نوێ**

□□ژێك سادەیی جوانیی
بە شتی کۆن سەرسام دەکەم و لەگەڵیدا هەڵبکات
نوێ بڵدەنگ و بێجووڵە و لەخ□□ازی
بە □□گایەك کە ڕووناکی لێ دەچ□□□
بەرەو پیرمەوە دێ
ژیان بە کۆن بەناز و □□زلێگیراو ماوەتەوە
بە نوێ خەمڵیو و زەماوەندگ□□ و بە خانە و لانە
لە تەماشاکردنی □□ی خولیا دەماری دادەخورپێ
لەگەڵ خۆی هەڵدەکات و گوڵاوی بەسەردا دەڕژێ
دەنگی لە هەموو جێیەك نەوا و ئەنوایە
بڵدەنگی □□گا لە کوێ دەیهێنێتەوە
هەموو بە □□گایەك کە ڕووناکی لێ دەچ□□□
بەهانایەوە دەچین
گوڵاوی پاراوی شەوییمان لێ دەدا
بیر لە ئارەقەی بێنخۆشی سەرەمەرگ دەکەینەوە
گوڵاو و ئارەقەی سەرەمەرگ ڕاونەتە ناوێك
ڕووبارێك حەوت پردی بەسەرەوەیە
بە هەراوهەریا لە ڕووبار نەپەڕیمەوە

**ناولەپ و ناوچەوان**

□ەگ نازناوە بێ لك و چێ
لەبینینیان گلێنەی هەردوو چاوی گەورە دەبن
ناولەپ هێز و هێ□ەکانی خۆی دایە ناوچەوان
تروسکەی ئاویلکەیەك کۆی کردنەوە
بوون بە باڵا و سێبەرەکەیانم بینی

ئاگری سەبەرەکەیان پێشوازی لە پیاوێکی بەختەوەر دەکەن
قەچی گایەکی لە جەللادێك وەرگرتووەتەوە
ئاوی گورگی دارستانی پێ دەنێ
زەوی دڕەختەکانی خێی کرد بە تڵڵدێ
پێی گورگ سووتا و ئەو چێنووکەی لە گێشتی دەچەقاند هەڵوەری
قەزاخەی ووناکی کرایەوە
ئاشنابووم بە سرووودی شەشەکان
دەستەبەرز هەبێاوەکان بەخشش و بەخشندە و مژدە پێ دراون
مانگ مەوانی ئاسمانە و خودا بەخێرهاتنی کرد
دابەزی بێ ناو دەستە بەرز هەبێاوەکان و بە چاو و ناوچەوانی خێیانەوە نا
ووەو هەمنی خوداوەندەکان غاریان دا
هەمنی خوداوەندەکان بێ دەستە بەرز هەبێاوەکان گواستراندەوە

تەممووزی 2018 هەولێر

---

# دەردەدێـــــی زەمـــــانە! ... عەبدولـەحمان فەرهادی

بەکەس، تاکێ شاعیری شەشگەێی کورد لێ مەژوودا
لەمەژووی کورددا شەشگەێترین شاعیر، فایق بەکەس ی نەمرێ کێ لێ ژیانیدا هەمیشێ ووبەووی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان وەستاوەتەوێ. بەکەس سەرکردایەتیی چێندین خێپیشاندانی کردووێ و بریندار بووێ و چێندین جار لێ کونجی زیندان پێستراوێ و ئازار و ئێشکەنجێ دراوێ. گرتـــن و تەهەـــدان و زینـــدان، بـــاوەـــی پێ لێق نەکردووێ:

سەدەی بیستەم، کوردێ غیرەتێ
لەخێو ڕاپەڕێ، هەوڵێ، هیممەتێ
..... تاد

جگێ لەوێ چێندین شیعری تری بێ کوردایەتی نووسیوێ و بەردەوام هانی خەڵکیـــی داوێ بێ خەباتی کوردســـتان و وەســـتانەوێ بەرانبەر

دوژمنان و سەردانەنواندن بە مەرامی پەخیان. کە مامەستاش بووە بەردەوام قوتابییانی بە گیانی نیشتمانپەروەری پەروەردە کردووە. بەکەس تاکە شاعیری کوردە لەمژوودا بەرانبەر دوژمن وەستاوە و لە ١٩٤٦، دوو ساڵ بەر لە مردنی، هووبووی خودی ئەمەندزی ئاوەژکاری ئینگلیزی داگیرکەر، پاڵوانانە وەستاوە و نەترسانە بە دەنگە دلەرەکەی، شاکارەکەی (بیست و حەوت ساڵی)ی خوەندووەتەوە:

بیست و حەوت ساڵ من ئەژیاوم
بە فەوفیشاڵ ئەمخەڵەتێنی
ڕۆژ نەوعەکم هەڵئەپەڕێنی
بە مەرامی خەت ملم ئەشکێنی
... تاد

**حوزنی و گیوی**

سەیید حوسێن حوزنی موکریانیی مژوونووس و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەند لەگەڵ گیویی برا بچووکی کە ئاویش فەرهەنگنووس و ڕۆژنامەنووسەکی گەورە بوو، لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەودیو ئاوابوون و هاتنە باشووری کوردستان و سەد و دوو ساڵ و نیو لەوبەر (چاپخانەی کوردستان)یان لە حەلەب دامەزراند، پاشان چاپخانەکیان هەنایە ڕواندز و دواتر لەوشەوە هەنایانە هەولێر. ئەم دوو برا تەکۆشەر و کوردپەروەرە سەریان بەیەکەوە کردبوو و لەخەبردووانە خزمەتی کوردستانیان کرد، کەچی بەشکی زۆری کورد و تەرانیەکانی هەولێر جارەها ناوونا تەریان بەدواوە خستن، ناوی حوزنییان بە فاسیق و بەدین و زەندیق و ناوی مام گیویشیان بە پیاوی ئینگلیز لە قەڵەم دەدا. کە لەژیاندا بوون هەموو خەڵکیان لە کردبوونە دوژمن. ئەوان وەك حاجی قادری کۆیی لەووی عەقڵ و نیشتمانپەروەرییەوە بەپێش کەمەگاکەی خەیان کەوتبوون، بۆیە لەناو بەشەخەڵکە دواکەوتووەکە ڕاڤەر بوون، هەر وەخت بوو بەدەردی حاجی بچن و سەر هەڵگرنەوە، بەڵام کەیان نەدا.
ئەو ڕۆژە سەردانی گەڕستانی ئیمام محەمەد م کرد و لەنێو چەورمەیەکدا گەڵی هەردووکیانم بە تەنیشت یەکەوە بینی کە لەوێش هەر سەریان بە یەکەوە نابوو (مام گیو سی ساڵ دوای حوزنی مردووە) و پەدچوو خەمی کورد و کوردستان هەشتا ژانسەری پێ بەرنەدابن. هەزار سڵاو لە ڕۆحانی پاکیان کە زەریان خزمەتی کورد و کوردستان کرد و خەشیان نەدی.

**پیرەمەرد و مەسعوود محەمەد**

کاتی خۆی لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو، شاعیر و ڕۆناکبیری گەورەی کورد حاجی تەفیقی پیرەمەرد ڕۆژێکی گەرمە و گرنگی لە بەاوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و کوردایەتی و ئەدەب و ڕۆشنبیریی لە کوردستاندا بینی، پیرەمەرد نەك هەر ڕۆشنبیر و شاعیرێکی گەورەی سەردەمی خۆی بوو، بەڵکوو لە سەدەی بیستدا یەکەمین ڕۆژنامەنووسی کورد بووە دوای میقدادی بەدرخان کە بە کارەگەورەکانی بواری ڕۆژنامەنووسیی کوردی، خەبات و تێکۆشانێکی زۆری بە بەاوکردنەوەی خوێندەواری و هۆشیاری و ڕۆشنبیریی، بە ساڵانێکی زۆر کرد، جگە لەوە لە بوارەکانی وەرگێڕانی ئەدەبی و فۆلکلۆر و پەندی پێشینان و مێژوو و کوردایەتی و یادە بەرزەکانی نەورۆز و گەلەك کاری مەزنی کردووە و بەمەش بووەتە ناوێکی گەورە و گرانی نێو دونیای ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیمان کە تا دونیا دونیایە ناوی بە نەمری دەمێنێتەوە. پیرەمەرد لەناو کەمێگاکەی خۆی بە ڕادەیەك ناودار و خۆشویست بووە،لەناو خەڵك بە (خاڵۆ) بانگ دەکرا، کە دەگوترا خاڵۆ، ئەوا هەموو خەڵکی سلێمانی دەیانزانی مەبەست پیرەمەردە. ساڵانی دوای مەرگی پیرەمەردی نەمر زۆر لە نووسەری کوردپەرست و سۆزدار بە هەستی پاکی کوردایەتی و سۆزی هاووڵاتیبوون و هاوشاریی خۆی، ناوی پیرەمەردی نەمریان بە فێلەسووف لە بەرهەم و کتێب و نووسینەکانیاندا نۆزەد کرد، کە هەموومان دەزانین پیرەمەردی نەمر هیچ پەیوەندییەکی پتەوی بە بوارە قوورسەکانی فەلسەفەوە نەبووە، تەنانەت وتارێك یان تیارێك یاخود کتێبێکی فەلسەفییشی نەبووە، بریا وابووایە بریا ئەمڕۆ ئارستەیەك، شپنهاوەرێك، هیگلێك، دیکارتێك، کانتێك، بیکۆنێك، ماركسێك، ئینگڵسێکمان دەبوو. ئەستاش لەم ساڵانەی دوایی کە دەکاتە نیوەی یەکەمی سەدەی پاشتر، زۆر لە نووسەر و ڕووناکبیرانمان، ناوی مامۆستای نەمر مەسعوود محەمەد بە فێلەسووف دەنێن.

لەم ماوەی دوایی، زانکۆی کۆیە بە هەستێکی هاوشارییانەوە یادی ئەم کۆچە نووسەرەی کوردیان وەك فێلەسووف کردەوە. وەك ئاماژەی دەستخۆشی بە ئەم زانکۆیە کە پەموایە تا ڕادەیەك لە زانکۆکانی دیکەی کوردستان پێشکەوتووتر، بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین کە مەسعوود محەمەد ڕۆناکبیر و ئەدیب و زمانزانێکی یەکجار گەورە بوو، لە بوارەکانی تەژینەوەی ئەدەبی کلاسیك و ناساندنی نالی و حاجی قادر و کۆیفی و هیی تر و لەتەژینەوە لە زمانی کوردی و زاراوەسازی و ڕۆژنامەنووسی و زمانی کوردی و سیاسەت و شیکردنەوە زانستییەکانی بواری زمان و ئەدەبی کوردی و زۆر بواری مەعریفیی تر، خزمەتێکی زۆری کردووە و ئەویش وەك پیرەمەرد تا دونیا ماوە خەی و شاکارەکانی هەر بە نەمری

دەمێنێوە, بەڵام کاتی ئەوە هاتووە کە بڕیار مەسعوود محەمەدی نەمر فەیلەسووف نەبووە. هەقوا نییە ئەمە بە سەزی نەتەوەیی و ناوچەگەری و شارچێتی کار بکەین، بە تایبەت کاری زانستی، چجای زانکۆیەك بیکات!، چ جوای هەق وا لە مەنتیق و ئاستی و ئەکادیمییەت دوور بین و لە سەز و هەستبزوێنیی نائەکادیمی نزیك؟ ئەوەش خوێنەرانی ئازیز هەقی خۆتانە قسەیەکی لەبارەوە بکەن. کە دەڵێی من ناهەق نەدواوم؟
وای لەو ماوەرانییەی!
کوردە لەوتەی هەیە بە دەستاتدار و خەڵکە ڕەشکەکەی و ڕەشنبیرانیشیەوە، قەدر و قیمەتی ئاوەزمەندان و نووسەران و تواناکانی خۆی نەك هەر نەزانیوە و بڕیزیی بڕانبەر کردوون، بەکوو ناوونا تەڕی قەزەون و مەترسیداریشی بەدواوە خستوون. پێشتر هەر لەم نووسینەمدا، باسم لە گۆڕیینی حوزنی و گیویی برای کرد کە چەند لەخەبردووانە خزمەتی وشەی کوردی و گەلەکەی خۆیان کردووە و دواتر هەر خەڵکی هەولێر لە تڕانییە دواکەوتووکان و بێشکی کوردیش چێن دژایەتییان کردوون و بە پیاوی ئینگلیزیان داناون و وایان کردووە لەنەو کوردەواریشدا بچاوی پە لە گومانەوە تەماشا بکرێن.

لەڕەوە دەمەوە باس لە هەمان بابەت بجۆرێکی دیکە بکەم و ڕەوشی لایەکی گوزەرانی یەکەم ڕۆژنامەنووسی کورد لەدوای میقدادی بەدرخان باس بکەم، ئەویش شاعیری گەورەمان حاجی تەفیقی پیرەمێردی نەمرە، کە سەردەمانێك لە تافی لاویێدا دوای ئەوەی کالیجی حقووق لە ئیستانبوە تەواو دەکات، دەکەوێتە ژیانێکی پە لە دارایی خۆش و تەنانەت ماوەیەك دەبێتە قایمقامی دوگەی بیوگ ئەدە و خۆی باس لەوەش دەکات کە نەژاد ی کوەی هەر لەوە لە بیوگ ئەدە لەدایك بووە. دوای سانێك غوربەت و دوورە وەاتی و تووشبوون بە ئەلینەیشن(اغتراب)، هەراسانی و خۆشویستیی کوردستان ناچاری دەکات بگەڕێتەوە سلەمانی و دەست بە ڕۆژنامەنووسی بکات و خزمەتی وشە و ئەدەبکانی کورد بکات و دواتر خەڵك فەری خۆشویستیی نەورۆز دەکات و کورداێتی لەو شارە پڕە پەدەدات.

پیرەمێرد باس لە ڕۆژنامەکەی دەکات و دەڵێ: وەرن تەفکرن، ئەنجامێیم ببینن، خانووم لە ڕەهنی پارەی کاغەز و حرووفاتی مەتبەعەداێ و بەرگیشم کەنە پەشیی خەڕەمەندانە! لەناو جەرگیشم بەوانن بووە بە خومخانە! من ئەوەندە سالێ ئیسپاتم کرد کە ڕۆژنامە بە پارە و مەنفەعەت دەرنایەنم و یەك نوسخەی لە نافرەشم و هەموویم

کردووە بە کۆلەکسیۆن و ئابوونەش کەم دەکەموە، هەیە تا ئێستا یەك فلسی بە نەناردووین و لەگەڵ ئەوەشدا بە پیاوخراپمان ئەزانن. پیرەمێردی نەمر لەسەر ئەو نەهامەتی و ماندووییەی لەلایەن زۆر لە خەڵکی سلەمانی تا ڕادەیەك دژایەتیی کراوە و ناتۆڕەی خراوەتە پاڵ و گوڕەشنبیرانی وەك برایم ئەحمەد یش کابڕیان کردووە و وەك دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوولە لە دوا ژمارەی گەڵاری ئامان باسی لەوە کردووە کە چۆن مامۆستا برایم ئەحمەد ویستوویەتی ڕووسمی یادی نەورۆزی لە وڕبگرێتەوە.

هەموو ئەمانەی کە لە کوردستان ڕوویانداوە و ڕوودەدەن، بەگەی دواکەوتوویی دەسەڵاتدارانی کورد و میللەتەکەمانە کە بەداخەوە لە مێژوودا قەت بە تەزقەڵەکیش نەمانتوانیوە پێند لە ژیان و لە ئابڕدوو و لە هەڵە و تاوان و خیانەتکارییەکانمان وڕبگرین. جەهالەتمان وایکردووە نەهامەتی بەدوای نەهامەتی ببینیین و تێ و وشکمان بێکەوە بستی.
وای لەو ماوڕانییەی وای.

**کچە لێلە زمان گڕاوە!**

ئەگەر ئەو لەدان و کوتانەی دەوری خوێندنی مەکتەبمان بە منداڵی نەبووایە، لەوانەبوو زۆرێك لە منداڵی کورد خوێندنی بەرزی تەواو بکردایە و توانای گوڕەترمان لە دەرکەوتبا، بە لەدە و بکوتە و دار حەیزڕانی مامۆستای غەددار بە ترس و لەرزەوە داشنەباین، زۆر سەیرە ئەم هەموو لەدانە بە؟ ئێستا سەردەمەکە مامۆستا لێدەدرێ، لە کەس نادا، ئینجا قوتابی بە ناز و نیعمەت، کەچی ژمارەی تەنبەکجار زۆرترە لەجاران. سەت ساڵ لەوبەر شاعیر و ڕۆژنامەنووسی گەورەمان پیرەمێردی نەمر (کە کەلیجی حقووقی تەواو کردووە)، باس لەوە دەکا کە منداڵ بووە لە حوجرەی خوێندن دار فەلاقە هەبووە و گەر مامۆستا ئەمری فەرموبا فەلاقە، ئەوا پەلاماری قوتابی دەدرا وەك ئەوەی قەڵای دمدم بگرن، قوتابییان لەسەر پشت ڕادەخست و هەردوو لاقیان هەڵدەبڕی و دەیانخستە پەتی فەلاقەوە و تا شل دەبوون لێیان دەدان، ڕۆژانە بە هەر یەکە قامچیمان لە پشت دەدرا و وایان ڕاهێنابووین کە جگەداری مامۆستا بە ئاگری جەهەننەم ناسووتێ.

**کچە لێلە زمان چەند گڕاوە!**
**لە (ئەحمەدی خانی)یەوە تا (عەبدوڵا پەشێو)**

لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، یەکەمین شاعیر، ئەحمەدی خانی بووە کە

خنگر و بیرمندی کمی کوردواریی سردمی خی بوو و بانگی سربخیی بۆ کوردستان داو و لسر ئوش لایەن دسا تدارانی هاوزمانی خی ژهرخوارد کراو و ژیانی خی لپناو هوستی کوردانی داناو، دوای خانیی، شاعیری گور حاجی قادری کیی، خمی گوری لۆ دواکوتوویی کورد خواردوو و بۆ شاکاری جوانی بانگی زگاریی کوردستانی داو و هوی بردوامی هشیارکردنوی خکی داو و لۆ پناو هوستکانیشی، بهی دواکوتوویی دسا تدارانی ئوکاتی کیۆ و بیری دواکوتووی سردست لۆ شارکۆ، مترسی لسر ژیانی دروست بوو و کوردستانی بۆ یکجاری بجهشت و لۆ غریبی و لۆ ئستنبۆ سری نایو و سربخیی کوردستانی نبینی، غوربت ئوندۆ حاجیی ئازار داو، بیۆ گوتوویتی: "ئوی لبری دگریام، ئستاکۆ بی دگریم". حاجی قادر بۆ خانیی دووم ناوزد دکرت. دوای حاجی قادر، شاعیری گور فایق بکس بۆ شاکاری جوان و نیشتمانپروانی هوی هشیاریی خکی دا و بانگی سربخیی ادراو و بۆ شیعرکانی، ششگانۆ ووبووی دوژمنان وستاوتو و بشداریی خپیشاندانی دژی داگیرکرانی کوردستان کردوو و لم پناوشدا بریندار کراو و خراوتۆ زیندان. دوای بکس کۆ بۆ خانیی سیم دادنرت، عبدوا پشو، خانیی چوارم.

**هموویان گورن، یکجار گور.**
**هرکس بکیفی خی دنووس**

تا زمانکی نووسینی ستانداردمان نبو، زمانی کوردی بردوام لۆ مترسیی زیاتر لاوازبوون و لناوچووندا دبت، نابۆ هرکس بۆ شوزار و بنزاری شار و شارچکۆ و کوچۆ و کانی خی بنووس، با جارجارش تۆرم و زاراوی ئملاوئولاش تکی نووسینکانمان بکین، بام نابۆ بۆ بردوام لکای بنووسین، ئستا تا ادیک شوۆ نووسینک هیۆ کۆ زربی کورد پی دنووس، دبۆ بایخ بو چکۆ نووسینۆ باوۆ بدرت کۆ زربۆ پی ئاشنان. دیان سا بانگی ئوۆ ددین کچی هاوارمان بهیچ ناگات. ژنامنووس و شاعیری گورمان پیرمردی نمر سد و چوار سا لوبر بانگوازی یکنووسی و ستانداردی دا و لۆ ۱۹۱۳دا لۆ جولمرگۆ بۆ نووسینکی داوای لۆ جمعییتی کورد کرد لۆ ئستنبو کۆ لۆ هر شارکی کوردستانوۆ زمانزانک بانگکنۆ پایتخت تا زمانکی عمووی بۆ کورد هبژرن و بیکنۆ فرهنگ و دستوور، پیرمرد ددۆ کس گوی ندام و ئستا هرکس بۆ کیفی خی دنووسۆ،

وایان شەواندووە.
زۆر سەیرە، بانگەوازەکەی پیرەمەرد هەر دەنگی بە ئەمە نووسراوە، ئەی ئێستاش ئەوە نییە هەرکەس بەکەیفی خۆی دەنووسە!

**بەئومێدی**

ئەمە سەردانی یەکەک لە مامۆستا دێرینەکانی خۆم کرد کە نەخۆشی و تەمەنی درێژ خستوویەتیە ماڵەوە، کە چاوی بەمن کەوت کەمێ دڵی کرایەوە و دوای ئەوەی دەستەکانیم ماچ کرد، قسە و باسێکی زۆر هاتنەگۆڕێ، تەماشایەکی کتێبخانە جوانەکەیم کرد کە کتێبی زۆر باشی تێدابوو، بەداخەوە هەستم کرد مامۆستاکەم بەئومێد بووە لە ژیان و داوای لە کردم هەرچی کتێبی دەمەوێ، بەخۆمی ببەم، پێی گوتم ئەوەی دێتە لام و دەزانم ئاشنای کتێب و خوێندنەوەیە، داوای لە دەکەم کام لە کتێبەکانی دیەوە با دەریبێنێ و بەخۆی بیبات. لەماوە گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە بەئومێدی مرۆڤ دادەوخێنێ و بەستی لەبەر دەبڕێ، بۆیە داواکارم قەت نائومێد نەبن. من خۆم چەند ساڵێک لەوەبەر کە تووشی کوشندەترین نەخۆشیش هاتم ئاشنای بەئومێدی نەبووم و لەرزش لە فۆ بە لە نووسین دانەبڕام و وەرە و بەستی خەمم بەهەز و پێ وزەتر کرد و قەتیش ئامادە نەبووم و نیم هیچ کتێبێکی خۆم ببەخشم. بەئومێدی وزەبە و کوشندەیە و هیوادارم کەستان نەگرتەوە.

---

# یەکریزی ناو ماڵی کوردایەتی بە قازانجی کێ یە...؟ ... موزەفەر عەبدوڵا

یەکێیزی ناو ماڵی کوردو کوردایەتی لە چەند ساڵی ڕابردوە تا ئێستا،بە تایبەتی لە دوای ڕوخانی ژێمی بەعس ،و دەسپێکی بەناو پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنو پێکهێنانی حکومەتی عیراقەوە، هەمیشە بەتە ستراتیژو دروشمێکی سیاسی و ،جێگای پرسەاو گرێکوڕەیکی حزبەکانی کوردایەتی و سەرکردەکانیان.بەڵام ئەم ستراتیژو دروشمە هیچ کات وەک ئەم دەورانەی هەڵبژاردنو سەروبەندی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق نەبوتە گرێگوڕەیکی گەورەی بەردەمیان کە

بەردەوام شینیەکانو فرمێسکی بێ دەنگژن هەر وەک لە ئاگریاندنو لەدوانکانیانو دیارە .بە تایبەتی بیانکانی هەر ٣ لایەنی سەرکی پارتی و یەکێتی و گۆران کە لە ڕۆژکانی هەفتەی ئابردودا بەاویان کردبوو.هەرچەند پارتی و یەکێتی بە پێی قسکانیان دەنگن بۆجۆرێک لە جۆرکان ڕێککەوتون لەسەر هەندێک خاڵی هاوبەش بێ دانیشتن لەگەڵ لایەنکانی بەشدار لە دەسکەوتات لە بۆغدا تا لەسەر بنەمای سیاسەتی توافقو توازنوشراکەت ڕێککەوتنوو بەشدار بن لە پێکهێنانی حکومەتی نویداو دەستیان نابێت لە دزی و گەندەڵیو سەرکوتی جاوەر.
بەڵام پرسیار لەوەدا ئەوەیە ئاخۆ ئەم یەکێزی یەی ناو ماڵی کوردایەتی بێ قازانجی کێ یە وا سەرانی ئەم حزبانە بەناوی پاراستنی بەرژەوەندی باڵای هەمو خەڵکی کوردستانەوە شەو و ڕۆژ شینو گۆریانو فرمێسکی بێ دەنگژن...؟

ئەگەر لە گۆشە نیگای بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارانو تۆڕە ستەمدیدەو بەبەشکانەوە، لە ماهێستایانو کارمەندانو بێکارانو کەم دەرامەدو خەڵکی ئاوارەو ..هتد ئاوسەرنجێک لەم ستراتیژو دروشمە سیاسی یە بدەین کە سەرانی کوردایەتی شینو گۆریانە بۆیان تا ناوەڕۆکەکەی ڕۆشنکەینەوە ئەوە بەسە ئاماژە بە چەند ئاستی یەک بدەین لەوانە:
یەکەم ئاستی : چینایەتی بونی کەمەڵگای کوردستانە لەسەر بنەمای ئابوری و کەمەڵایەتی وسیاسی و فکری و کەلتوری وەک هەمو کەمەڵگاکانی دونیا بەسەر دوو چینی بەرژوازی سەرمایەداری باڵا دەستی سیاسی و کرێکاری کرێ گرتو تۆڕی کەم دەرامەدی وەک کارمەندو ماهێستاو دەسفرشو بیکارو هەژارو برسی ژیردەستو جۆساوە.
چینی باڵادەست کە کەمایەتی یەکی کەمو خاوەنی دەسەاتو هەمو سەروەتو سامانی سەر زەوی و ژێر زەوین بە ئەوەی کاری بەرهەمێن بکەنو ماندو ببنو ئارەق بڕژن.چینی چەوساوەش کە زۆرایەتین و جگە لە هەرزان فرۆشی هێزی کارو کاری تاقەت پڕوکێن ،یاخود دەسفرۆشی و بێکاریو مەرگو مەژی خاوەنی هیچ شتێکی تر نین تا پێی بژین. هەر کەسێک ئەم ڕاستی یە نەبینێت و نوکولی لە بکات ئەوە ئینسانیەتی لە ژێر پرسیاردایە.

دووەم ڕاستی : ئەم چینی بەرژوا دەسەاتدارە کە لە شەڕو گۆتو دەستوتاقمی قەومی وئیسلامی و خەڵکی و بنەماڵەیی، کە ناوی حزبی سیاسییان لە خۆیان ناوەو نزیک بە سی ساڵ بە زۆرو هێزی چەکی

میلیشایی خەیان سەپاندوە بەرژوەندیان ئەوەندە جیاوازە لەگەڵ زۆرایەتی جەماوەریدا کە بەراورد ناکرێت لەگەڵ بەرژەوەندی هاوبەش. بەیە ئەمانە نوێنەری زۆرایەتی جەماوەر نین و ناکرێن نە لە بەناو حکومەتی هەرێم و نە لەبەناو حکومەتی فیدرالی بەغدا ئەگەر چی بەناوی نوێنەری هەڵبژێردراوی خەڵکو پەرلەمانەوەن.
سەهەم ڕاستی : ئەم دەستەوتاقمانە بەناوی چارەنوسو بەرژەوەندی هاوبەشی قەومی –ناسیونالیزم و کوردایەتی – نیشتیمانیو نەتەوەیی باڵاو گشتی یەوە بە هاوکاری ریزێک لە نوسەرو ڕۆشنبیرو ئەکادیمی و مێژوونوس و نوسەرو شاعیرو..هتد بەشێکی زۆر لە جەماوەری کرێکارو ستەمدیدەو هەژارو نەدارو بەدەرەتانیان توشی خەشخەیاڵی کردوەو کردویانن بە پاسەوانی خەیانو بە موچەیەکی کەمو پاروە نانێک ناچاریان کردون ببنە هەزی چەکداریانو دەسەاتی ئەوانە بپارێزن .

ئەوانەی ئەم ڕاستیانەش وەک ئەمە دەزانن لەناو جەماوەر بە تایبەتی هەڵسوڕاوانی سیاسی و لایەنو ڕۆکخراوە چەپو کەمۆنیستەکان و دژی دەسەاتی ئەم تاقمانەن ئەوە بەناوی دوژمنی ناوخەو دوژمنی کوردو کوردستانو دژی بەرژوەندی گشتی یەوە بە هیزی چەک سەرکوتیان دەکەن.دەیانو سەدان بەهگەی زیندو هەن لەسەر سەرکوتو کوشتنو تیرۆری هەڵسوڕاوانی سیاسی و ڕۆژنامەنوس و ئازادیخوازو یەکسانیخواز.

چوارەم:ئەم دەستەو تاقمە دەسەاتدارە لەم سی ساڵەی دەسەاتیان سەرەتا ترین پەویستی ئینسانییان بە ئەم زۆرایەتی خەڵکە دابین نەکردوە لە ئاوو کارەباو خزمەتگوزاری یەکانەوە بگرە تا پاراستنی ئەمنو ئاسایشو مافو ئازادی یە سیاسی یەکان.تەنانەت خەڵک بە گشتی لەم سی ساڵەدا هەمیشە لە ژێر هەڕەشەو شەڵەی نەوان خەیان و ڕژێمەکانی ناوچەکەدا بونە.وە هەر لە سایەی دەسەاتی ئەمانەدایە کە زیاتر لە ملیونێک کەس توشی ژیانی ئاوارەیی پەنابەری بونە زەریانیش بونەتە قوربانیو گیانیان لەدەستداوە.
ئەمانەو چەندین خاڵی ڕاستی تر دەکرێت ئاماژەی پە بدرێت کە ئەم شیوەنو ڕۆڕەو فرمێسک ڕشتنەی ئەمانە بە یەکریزی ناو ماڵی کوردو کوردایەتیو پاراستنی بەرژەوەندی باڵاو گشتی خەڵکی کوردستانەوە هیچ پەیوەستی نی یە بە زۆرایەتی خەڵکی بە بەشو هەژارەوە.
بەڵام ئەوەی ئەم یەکەیزیە بە دەستەبەر نابێت بڵیان ،کە ئاوا لایان گرینگەو شینی بە دەکەن سەرەڕای هەوڵەکانیان ، ئیتر ئەوە پەیوەستە بە ناوەڕۆکی ئابوری و سیاسی و کۆمەایەتی و فکری ئەم جوڵانەوەیەی چینی بەرژوازی کوردەوە.

هەکارەکەشی ئەویە کە چینی بەرژوازی کوردو جولانەوەکەی ،جا خۆیان با هەر ناوەکی پیرۆزو ئەفسانەیی لێبنێن ، لەگەڵ گۆشەکردنی لانی کەم لە نیو سەدەی ڕابردوەوە ماکی نایەکگرتویو پاشوپاشگرانەوەو گەندەڵی و بێ ئاسویی و دەستپاچەیی و بەمەش دژی ئازادی و یەکسانی و پێشکەوتنخـــــوازی هەڵگرتـــــوە. هەر وەک جوڵـــــانەوەی بەرژوا ناسیونالیزمی عەرەبـــی – عـروبە-کە هەرگیـز بە تەواوی ستراتیژو دروشمی ئوممەی عەرەبی یە واحیدیان بە بەدی نەهات. تەنانەت ئەمانە زۆر دواکەوتوترو نایەکگرتوترو کۆنەپەرستانە تریشن لێوان.

بۆیە جەماوەری کرێکارو بە بەشو ستەمدیدە نابەت هیچ خۆشخیاڵی و چاوەڕوانی یەکیان لە یەک ڕیزی ناو ماڵی کورداڵیتیو دەسەڵاتکەیان هەبێت .بەڵکو پێویستە بەرامبەر ئەو ستراتیژو دروشمەی ئەوان هەوڵی یەکریزیو یەکگرتویی ناو ماڵی چینایەتی خۆیان بدەن لەهەمو ڕوەکی فکری و سیاسی و ڕێکخراوەیی حزبی و جەماوەری یەوە.

۲۰۱۸-۷-۸
**موزەفەر عەبدوڵا**

---

# پیاسەك بە كۆڵانەكانی مناڵیدا … نێچیروان شوانی

هەرچەندە!
زەرینەی هەرە زەریان..
شەیدای قەڵەم و قوتابخانە نەبوون,
وەڵێ کەمترین لادیواری کۆڵان هەبوو,
تەختەڕەش ئاسا
بە پارچە گەچ
سپی نەکرابێتەوە.
**********
شەڕ و شادییەکانی زارۆیان فرە بوون,
بەڵام دڵشکان و دەروونئاشان..
کەم, یان بەدەگمەن بوو,

چون هەردەم
سیلەی کۆیان
مالی گشت بوو,
یا گۆپانە گەئەوسەری کۆیان
هەردەم لە کەیفدا مشت بوو.
**********
ئەو ژیانی کۆیان...
هەموو شت تامی خۆی هەبوو..
جەژن, یاری, هاوڕێیەتی, هاوسێیەتی
تەنانەت پرسە و شینیش!
ئاخر ئەو کۆیانە..
شوێنگەی دیدەنی و ئازی منداڵان بوون,
ژوانگەی فڕدانی پشاکی غەریبی بوو.
خانووەکان بچووك بوون, بەڵام منداڵەکان
ماخۆی خەونی مەزن بوون.
ژین سەخت بوو, وەڵێ شیرین
پێیەکان بچووك, بەڵام هەنگاوەکان گەرموگوڕ
**********
ئەمستا هەر ئەو کۆیانە..
درەوشاوە و جوانترە,
بەڵام یادەکان جوانتر.
ئستا زارۆیان گەورەبوون,
بەڵام ئەوستایان گەشتر..
ئەو زارۆ گەورانە خۆیان هاتوون و
دونیایەك یادی جوانیان لەوێ جێهێشتووە.
لە هەر شوێنکیش بن,
هەنگاوەکانیان بەرەو ئەوێ دەچێتەوە.

---

# سیستەمی سەرمایەداری و خوونی

# کورد … کرمانج فەتاح

ئەم تەنها قوربانی دەستی سیستەمی سەرمایەدارین..ئەم تەنها باجی ئەو دەدەین کە ڕۆژهەڵاتین .....دەریایەک لە خوون و خەیاڵی ڕەنگاو و ڕەنگ لە پشت ئەو چاوە خەمگینانەوە هەیە ، کە ئەم هەموومان لە منداڵیەوە لەو خوەتە بە نازانداا نشتراوین … بەراوردێک لە گەل ڕۆژئاوایەکان ،، ئەوان (ڕۆژئاواییەکان) تەنها لە بیری خۆشگوزەرانی خۆیاندان لە پێناو خۆشبەختی خۆیان دەتوانن قوربانی بە هەموو ئەم بدەن ….لە ڕابردوو شارستانیەتمان ئێستاش ژیان و سامانمان ..
تەروانین بە دەستبرینی ئەوان ،، ئەم هەوە و کۆشش بەدین بە خوونکانمان … تاکی ڕوژهەڵاتی کە ئەمین ، ڕاهاتووین بە کەم ڕازیبین ، ئەم خوونی گەورە دەبین وەڕ بە خوونکی بچوک کە وەدی ئەهێنین خوونە گەورەکەمان بیر ئەچێتەوە ، ئەمش ڕاستێک ئە سەلمێنێت دونیابینی ئەم دوو هەنگاو تێپەڕی نەکردووە ، بە تێپەڕاندن و تێک شکاندنی ئەو دیوارە کۆنکریتیەی کە هەیە ، کە پەمان دەڵێن ئەوە ناتوانن خوون ببینن ،

ئەو ئەم پرسیارەیە لە خەمانی دەکەین خوونی گەورە نامانگەینێت بە هیچ کەو ئەم هەیە ، من دەبم خوونی گەورە ببینە ، جیهان لەگیرفاندا هەبگرە ، بەڕام هەوەدانی زەر ئەو گەینێت بە دوا پەیکانی سەرکەوتن ،هەموو کەسێک لەژیاندا دەیهەوێت بەشتێک بگات ،هەمووانیش دەبێت لەوە تێبگەن خوون بەتانیا هیچ نییە!! ئەگەر شتێکت دەوێت ،دەبێت بەهەزەوە هەوە بە بدەیت ،ئەقڵی زاناو داهێنەران تەنیا شتەکان پێکەوە گرێ ئەدات!! هەرگیز نابێت لەشکست بترسیت ،دیاریکردنی ئامانج بەینی نیوەی ڕێگایە بە گەیشتن بەهەر شتێک ،هەستی بەگوەو بەتین سەرچاوەیە بە مەڤی سەرکەوتو ،ویستی تاقیکرنەوەی مەترسیەکان ،هەنگاوەکی گرینگ…متمانە بەتواناکانی خێت یەکەک لەگرینگترین خاڵەکان .

کەواتە گەرانەوە بە شارستانی بوونی خەمان ، سودمەند بوون لە سامان و بەزەربوونی ئەرەمان ، ئەتوانین بڵێین بڵێ ئەم ئەو مرۆڤانەین خوەندەبین ،ئەوە ئەوەن خوونکانتان لەسەر ئەم هەڕچنیووە ،
سەرنج دان بە خوونە بەتاکانی ئەم ، خەیاڵی ئەم … دوو یاسای دژ بەیەکن ، بڵێ ناکرێت خەیاڵ شتێکی جوانمان پەیدا وەڕ بەخوونکی بەتاڵەوە بمرین ، مرۆڤ کە بە بەتاڵی مرد زەدبوونی ئەم سەرزەمینە

بووە ، بارقورسای ماڵ و سامانی نیشتمانی بووە .. نیشتمان لەئاسادا جوگرافیایەکی دیاری کراوە .. ئەو ئەمەین ئەتوانین بە بەردەک دیوارەکانی نیشمان بلکێنین بە یەکتری و بونیادی بنەڕەتی ..

---

# ئایا راستە وەاتەکەتان و ئوممەت ووبەووی تەحەدییاتی گەورە دەبنەوە؟... ئەحمەد رەجەب

لە پاش هەلبژاردنەکانی تورکیا لە مانگی حوزەیران (یونی) 2018 هەندێ لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم و سەرۆك و ئەمینداری حزبە کوردستانییەکان کەوتنە رکابەری یەکترو کێبرکێ بێ ئەوەی دەستپێشخەر بن لە پیرۆزبایی کردن لە سەرکی رووڕەش و تیرۆریست ڕەجەب تەیب ئەردۆگان کە تۆرو وشکی باکوری کوردستانی سووتاندو، دێهات و شارۆکانی لێ گێ زەویدا تێختکردو، هەر بە فەرمانی ئەو سوپاو جەندەرمەو هێزە داپڵۆسێنەرەکانی هەواڵگیری میت دەستیان کرد بە تێهەڵدان و گرتنی کوردان و زیندانکردن و کوشتنی خەڵکی سڤیل بێ کەس.
بەڵێ. بێ بەرچاوی دونیاوە ئەردۆگان تۆرو وشکی پکێوە سوتاندو، باکووری کوردستانی کردە دۆزەخ و، هەرشکی سەربازی بەر بەاوی کردە سەر گوندو شارۆکان و، دەیان هەزار سڤیلی بێتاوان کوژران و، دەیان هەزاری تر لە سەر خاکی باوباپیرانیان دەربەدەرکران و، پەرلەمانەکەی دیکتاتۆر ئەردۆگان دەستیانکرد بە لێسەندنەوەی پارێزبەندی لە پەرلەمانتارانی کوردو، زوربەیان گیراون و لە زیندانەکان ژیان بە سەر ئەبەن.
قەت ڕۆژك لە ڕۆژان رژێمکی خوێنڕژو سەرکوتکەری خەڵکی سڤیل بێ تاوان نابێت لە بیر بکەین، رژێمك هەموو کات بە ئاگرو ئاسن وەامی هاوڵاتیان و پرسەکانی کوردی داوەتەوەو، سەرەڕای پشێلکردنی تەواوی پرنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤ و، تەواوی یاساکانی ڕەچاوکراوی جیهانیی سەبارەت بە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ ژێر پێ خستووەو، کەس نەیتوانیوە بەرگری لە مافی هاوڵاتیبوونی خۆ بکات.

سوەتانی رەگەزپەرست و تیرۆریست رەجەب تەیب ئەردۆگان بە پشتبەستن بە حزبە دژەکەی و، تاقمە تیرۆریستییەکان سەرەرای تاوانەکانی لە ناوخۆی تورکیا پەل ئەهاوێژێت بۆ وڵاتانی ترو، تاوانی نوێ ئەنجام ئەدات وەك گرتنی شارەکانی سوریاو، تاوانە قیزەوەنەکەی لە عەفرین و، وادیارە بەوانەش ناوستیت لوتبەرزانە درێژە بە هێرشکردن ئەدات و، رۆژانە بە تۆپ وهەلیکۆپتەرو فڕۆکەی جەنگی لە گوندو وشاروچکەو شاخەکانی کوردستان ئەدات و، لەم دوایەدا سوپای خوێنڕژی تورکیا هێرشیان کردە سەر باشوری کوردستان، بەهەلیکۆپتەر سەربازیان لە ناو خاکی باشوری کوردستان لە گەڵ چەکی قورس و کەرەستەی سەربازییان دابەزاند.
تورکیا بە ئاشکراو لە سەر زاری رەجەب تەیب ئەردۆگان وبینالی یەلدرەم و بەرپرسە باڵاکان ئەنجامی هەموو مافێکمان هەیە بۆ هێرشکردن و، بیانووکەیان لێدانی گرێلاو قەندیلە و، لەوەشدا وەك پیشەی هەمیشەییان درۆزنن چونکە هەر { پە کە کە و قەندیل} نییەو، رۆژانە تۆپ و فڕۆکە جەنگییەکان لە زاخوو ئامێدی و سیدەکان وخواکورك و شوینی تر ئەدەن.
تورکیا لە مێژەوە، لە کاتی شەری نگریسی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان سنووری کوردستانی بەزاندو خاکەکەی داگیرکردو، نزیکەی 19 مەگەی چاندووەو، وجێی ئاماژەیە ئەو مەگانە پرن لە تەقەمەنی و کەرەستەی سەربازی مەدیرن لە گەڵ هەلیکۆپتەرو تانك و تۆپ و دژشکاو، شارەکانی کوردستان پرن لە چەکاوخۆرانی هەواگیری میت.
سەرانی تورکیا نایشارنەوەو، بە بەر چاوی دونیاو حکومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان و سەرجەم حزبە کوردستانییەکان درێژە بە بەزاندی سنوورو داگیرگردنی خاکی کوردستان ئەدەن و، سەرەرای ئەو کردەو دوژمنکارانەو، لە باتی ئەوەی ئەو کردەوانە ریسوا بکرین، هەندێ کەس ئەیانەوێت رووی رەشی ئەردۆگان و حزبە دژەکەی "" ئاکپارتی"" سپی بکەنەوەو بۆ نموونە و، لە پێش هەموو کەس نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان و، لە نامەکەیدا بۆ ئەردۆگان ئەڵێت : بەبۆنەی سەرکەوتنی بەڕێزتان بۆ سەرکایەتیی کۆماری تورکیا لە سیستەمێکی تازەدا، پیرۆزبایی لە ئێوە و پارتەکەتان دەکەین.
لە سەردەمی ئێوەدا پەیوەندییەکانی کۆماری تورکیا و هەرێمی کوردستان پێشکەوتنی زۆر گەورەیان بەخۆیەوە بینی (بردنی نەوتی کوردستان بە مفت – بەلاش)، ئەوەش کاریگەرییەکی زۆر باشی هەبوو لەسەر ئارامی و پێشکەوتنی ژیانی خەڵك(سەرکوتکردنی کوردانی باکورو، بۆ مووچەیی باشور)، نموونەیەکی زۆر گرنگیش بوو بۆ ناوچەکە (داگیرکردنی کوردستان). ئەمە وەك هەرێمی کوردستان،

جارێکی دیکەش بەو بۆنەیەوە ئارەزوومەندیی هەمیشەییمان بۆ دژێەدان بە پێشخستنی ئەو پەیوەندییانە دووپات دەکەینەوەو ( بەیانی سەرکی حکومەتی کوردستان لە تورکیا ئەبێت و ئەردۆگان سوێند ئەخواو، تا ماوە دژی کورد ئەبێت).
ئێخوانچیەکان بە شانازییەوە سەیری تیرۆریست ئەردۆگان ئەکەن و، بزانن ئیخوانچییەکەی کوردستان سلاح بهاء الدین چی ئەڵێت :
بەڕێز جەنابی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆك کۆماری تورکیا السلام علیکم ورحمه الله وبرکاته

بەناوی خۆم و سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانەوە جوانترین و گەرمترین پیرۆزبایی لە بەڕێزتان و وڵاتی تورکیا دەکەم بە گەل و سەرکردایەتییەوە. دیارە سەرکەوتنی ئەم کاروانەی ئێوە لە کاتێکدایە کە وڵاتەکەتان و ئوممەت ڕووبەڕووی تەحەدییاتی گەورە دەبنەوە، دەستنیشانکردنی ئێوە بۆ سەرکردایەتیکردنی ئەم کاروانە لە ئیرادەی گەلانی تورکیا بەرجەستە دەبێ بە هەموو ڕەنگ و شەبەنگەکانییەوە. خوای گەورە سەرکەوتووتان بکات و بتانپارێزێ.
تورکیا دژێە بە گرتن وکوشتنی کوردان ئەدات و، دیهات وماڵەکانیان وێران ئەکات و، پەرلەمانتارانی کورد ئەگرێت و ئەیانخاتە زیندانەوەو، شاریکی خراگر وەك عەفرین لە گەڵ زەویدا تەخت ئەکات و، خاکی باشوری کوردستان داگیر ئەکات.
لە بری ریسواکردنی سەرانی تورکیاو کردەوە نامرۆڤانەکانیان ، بەرپرس و سەرۆك و ئەمینداری حزبە بەناو ""کوردستانییەکان"" خۆیان ریسوا ئەکەن و، بە دوژمنانی کوردوکوردستان ئەڵێن : خوای گەورە سەرکەوتووتان بکات و بتانپارێزێ.

..
نەتەوەی کورد دوژمنی خۆی لە بیر ناکات و مێژوویش ڕەحم بە کەس ناکات.
8/7/2018